## ڕق پیرۆز

دەترسێی و گەرەکتە من چاوترسێن کەی؟
بەو هەتاوەی خوای چاخە کۆنەکانە، هەر لە چاخی منداڵی ڕا، دڵەخورپەی ترس دەهۆنمەوە،
ئێستا گوریسێکی تووند و تۆڵە بۆ سەر گەرووی داگیرکەران؛
هەر لە چاخی منداڵی ڕا، وشەی ترس و دڵەڕاوکێم لە دێر بە دێری پڕتووکاندا توور داوە؛
هەر لە چاخی منداڵی ڕا، دەیان پڕتووکی ترس و خۆفم خنکاندووە؛
هەر لە چاخی منداڵی ڕا، دەیان پڕتووکی ڕق و قینم نەخشاندووە!

دەترسێی و گەرەکتە من چاوترسێن کەی؟
ئەمن یاخیم،
بیری ئەمن پارێزەری کوردستانن
بیری ئەمن بێجگە لە کورد دۆستێکی دیکە ناناسن
بیری ئەمن هەودای مەرگ دەهۆننەوە لەبۆ داگیرکەری خوێنمژ، چووک و گەورە
بیری ئەمن هاوڕێی فارس و تورکیان نییە
بیری ئەمن عەرەب لەجێی دۆستییان نییە!

دەترسێی و خوێنی شۆڕەلاوانمان دەرێژی؟
درۆ و تاوان، جەردەی ڕۆحکوژ، بێبەزیی زمان قرێژ، بێناسنامەی تیتۆڵ تیتۆڵ، داڵاشە پیرەی سەر کەلاک، ڕووهەڵماڵاوی
هۆگری ئاشتی، داوێن پیسی پەیامهێنەری پاکی،
ئەوانە و دەیان پڕتووک وشەی قرێژ ئەلفوێی مرۆڤبوونتانە،
ئەوانە و دەیان تێنووس دەستەواژەی بێبەزەیی، ناسنامەی بوونی شڕتانە.
چووک و گەورە، پیر و گەنجتان قرێژترین خوێنی ژیان بە لەشتاندا دێت و دەچێ،
چووک و گەورە، پیر و گەنجتان دەمامکی بریقەدار، ڕواڵەتی درۆ و پیستان دادەشارێ.

هـۆ خێڵی جەردە، ئاخرتانە
ئاخرتانە وا دەکووژن گەنج و منداڵ؟
ئاخرتانە خێڵی جەردە،
ئەم خوێنانەی سەروکاکۆڵی لاوانی ئێمەیان سوورکردووە،
دەبنە لافاوی نەمان لە دەشتی قاقڕی ڕووتتان،
ئەم خوێنانە شەو و ڕۆژتان دەڕووخێنن،
دەمامکی ئاشتی پارێزتان لەناو خوێندا دەگەوزێنن.

بەیان - جووڵای ١٢، ٢٠٢٣